پیداویستیە ناوخۆییەکانی دروستکردنی دەولەت (زەمینەسازی)

عەتا قەرەداخی

ئەوە ئاشکرایە کە سەربەخۆیی و درووستکردنی دەوڵەتی کوردی خەونی گشتی کۆمەڵگەی کوردییەو خەباتی بەردەوامی سەدەو نیوێکی رابردووی کورد لە راپەڕینەکانیدا هەر لە راپەڕینی بەدرخانییەکانەوە تاوەکو ئێستا لە پێناوی ئازادی و بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکاندا بووە . هەرچەندە مەسەلەی دامەزراندنی دەوڵەت ئەگەر باسیش نەکرابێت ئەوا هیچ لەو راستیە ناگۆڕێت ئەم نەتەوەیە کە لە مێژوودا بە شێوەیەکی خراپ دووچاری سەرکوتکردن و چەوساندنەوەو تەنانەت پاکتاوی رەگەزیش بووەتەوە ، خوێنێکی زۆری بەخشیووە لە پێناوی ئازادی و مافە رەواکانی خۆیدا کە بەردەوامیش داواکارییەکانی بە گولەو زیندان و سێدارە وەڵامدراونەتەوە ، بەڵام هێشتا دەستبەرداری خەبات و تێکۆشاننەبووە .

بەهەرحاڵ ئێستا و پاش تێپەڕبوونی زیاتر لە نۆ دەیە بەسەر سەرلەنوێ دارشتنەوەی نەخشەی جوگرافیای سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێدەچێت کاتی ئەوە هاتبێت جارێکی تر پێداچوونەوەی ئەو نەخشە سیاسیە بکرێت بە تایبەتیش دوای سەرنەکەوتنی ئەمەریکا لە دروستکردنی عێراقێکی دیموکراتی و دوای شکستهێنانی ئاراستەی دیموکراسی لە لە ڕووخاندنی هەندێ لە دەوڵەتە تۆتالیتارەکانی عەرەبی ناوچەکەدا کە ئەوەش بە حیساب بەرهەمی بەهاری عەرەبی بوو کە لە ڕاستیدا بەهاری ئاراستە توندڕەوەکان بوو. دوای دەساڵ فەرمانڕەوایی شیعە لە عێراقدا دەرکەوت کە سیستێمی نوێی شیعە جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لە سیستێمە تۆتالیتارو تاکەکەسیەکەی سەدام حسێن . دەسەڵاتی جەعفەری و مالیکی و ئێستاش عەبادی کە لە چاو دەسەڵاتە ڕەهاکەی سەدام حسێندا زۆر لاوازن ، بەڵام بەهەمان شێوەی ئەو سەرقاڵی پاکتاوکردنی ئەوانی تربوون و بەردەوامیشن لە لەناوبردنی سوونەو تەنانەت لە نەیارە شیعەکانیان و ئەوەندەشی پێیانکراوە لەگەڵ کورد کردوویانە . بۆیە واپێدەچێت کە ئومێدێك نەمابێت بۆ هێشتنەوەی ئەو وڵاتەی کە ناوی عێراقە وەکو یەك دەوڵەت . لەبەر ئەم هۆیانە ئێستا پێدەچێت بارودۆخێکی تەواو نوێ بێتە کایەوەو بە گوێرەی کوردیش ئەگەر بتوانێت بکەرێکی ژیرو کارای ڕووداو دروستکەر بێت ئەوا دەتوانێت ئەمجارەیان سوودی نەتەوەیی لەو بارودۆخە نوێیە وەربگرێت و ئەوەی لە ساڵی 1991 و 2003دا نەیتوانی بیقۆزێتەوە بۆ بە دەستهێنانی سەربەخۆیی، ئەمجارە لەدەستی نەدات. بەڵام دیارە بۆ ئەوەی کورد بتوانێت کەڵك لەو بارودۆخە وەربگرێت پێشوەختە دەبێت لەوە تێبگات ئەوەی پێویستە لەسەر ئاستی ناوەوەو دەرەوە بیکات چییە .

ئەوە ئاشکرایە بارودۆخی دەرەوە بەرەو ئەوە دەچێت کە دان بەو ڕاستیەدا بنێت کە کورد مافی ڕەوای خۆیەتی سەربەخۆیی خۆی ڕابگەیەنێت و ئەو غەدرە مێژوویەی کە لێی کراوە

هەڵبوەشێنێتەوە ، کە ئەوەش تەنیا بەوە دەبێت کە کوردستان سەربەخۆ بێت و کورد دەوڵەتی خۆی لەسەر خاکی خۆی درووست بکات . دیارە بۆ ئەوەی کە زیاترین رەزامەندی دەرەوەش بەدەست بهێنێت پێویستی بە هەوڵ و کۆششی دیپلۆماسیانەی زیاتر هەیە . گومانیشی تێدانییە پەیوەندی شیعەو سوونەی عێراق گەیشتووەتە ئاستێك ئەستەمە جارێکی تر حکومەتی شیعە بتوانێت دەسەڵات بەسەر جوگرافیای سوونەدا بکاتەوە بە تایبەتی دوای ئەوەی کە داعش رووبەرێکی فراوانی لە جوگرافیای سوونە داگیر کردووەو لە راستیشدا واپێدەچێت سوونەکان دەسەڵاتی دەوڵەتی خەلافەتیان لە دەسەڵاتی ولایەتی فەقیە پێباشترو پەسەندتر بێت . پێموایە هاتنی داعش و دەستبەسەرداگرتنی رووبەرێکی فراوان لە جوگرافیای سوونە دوا بزماری لە تابووتی بۆگەنکردووی عێراقی یەکگرتوو دا و ئەو تەرمە بۆگەنکردووەی کە ناوی عێراقە بەسەرەنوێلکی مێژوو دەسپێرێت و ناوی مالیکی و جەعفەری و شەهرستانی و عەلاوی و عەبادی و زۆرێك لەسەرکردە نوێیەکانی تری عێراقیش لە ریزی سەدام حسێن و بەرپرسە جەلادەکانی بەعسدا پۆلێن دەکرێن . کەواتە دەتوانین بڵێین مانەوەی عێراق وەکو یەك دەوڵەت جگە لە وەهم هیچی تر نییە . ئاشکراشە ئەو هێزەی کە لە 9 ی حوزەیرانەوە توانی رووبەرێکی فراوان لە جوگرافیای سوونە لە هێزەکانی حکومەتی شیعە پاکبکاتەوە بریتیە لە هێزی سوونەی عێراق و جەمسەری سوونەی عەرەبی و جیهانیش کە لە ترسی هەژموونی شیعەو ئێران پشتگیری سوونەی عێراق دەکات و هەر ئەوەش هۆکارە بۆ ئەوەی سوونەکان بێجگە لەوانەی کە لەگەڵ بەغدا بەرژەوەندییان هەیە ئەوانی تر ئاسایی سەیری ئەو هێزە واتە دەسەڵاتی دەوڵەتی خەلافەت بکەن. دیارە ئەوەی ناوی دەوڵەتی عێراقە کە راستر بڵێین دەوڵەتی شیعەیە لە جیاتی سوپا پەنای بردووە بۆ میلیشیا شیعەکان کە ئەوەش روخاندنی یەکێك لە پایە بنەڕەتیەکانی ئەو دەوڵەتەیە، دیارە ورەی ئەو دەوڵەتە شیعەیەش بەجۆرێك روخاوە بە تایبەتی لە رووی

سەربازییەوە ئەستەمە بتوانێت جارێکی تر فەرمانڕەوایی عێراقێك بکات کە پێشتر لە موسڵەوە تا بەسرە بوو. کەواتە لەم بارودۆخەدا دەبێ کورد چی بکات و ئەوەی بۆ سەربەخۆیی لەسەر ئاستی ناوەوە پێویستیەتی چییە؟

بێگومان کاتێ باسی بارودۆخی ناوەوە یان بارودۆخی زاتی ناو کوردستان دەکەین دەبێ لەسەر دوو ئاست باسی بکەین. یەکەمیان ئاستی جەماوەری و دووەمیان ئاستی سەرکردایەتی سیاسی و نوخبەی سەرکردایەتی حیزبی کوردی. ئەگەر ئێستا باسی بارودۆخی جەماوەری خەڵکی کوردستان بکەین سەرباری گیروگرفتەکانی ژیان کە زیاتر بە هۆی ئەو بارودۆخەوە سەری هەڵداوە ، بەڵام ئامادەباشی جەماوەر بۆ پێشوازی کردن لە سەربەخۆیی و درووستکردنی دەوڵەت بە ئاشکرا دەبینرێت. ئەو ئینتیما نەتەوەیی و نیشتیمانییەی کە پێشترو لە ئەنجامی سیاسەتی هەڵەو نادرووستی دەسەڵاتی خۆماڵی کوردیدا لای جەماوەر درووستبوو بوو ئێستا بە ئاشکرا زیندووبوونەوەی پێوە دیارەو جۆرێك لە وروژانی پڕلەجۆش و خرۆشی نەتەوەیی و نیشتیمانی دەبینرێت، بە جۆرێك هەست دەکرێت کە رۆحی گشتی کۆمەڵگە لە پرۆسێسی بڵندبوونداية بۆ گوزارشتکردن لە خۆی کە ئەویش لەسەربەخۆی و دەوڵەتدا بەرجەستە دەبێت. بەواتایەکی دی زەمینەی سەربەخۆیی و درووستکردنی دەوڵەت لەسەر ئاستی جەماوەریی بەرەو ئامادەگی تەواوەتی دەچێت بۆیە گرنگە کە ئەو بڵندبوونەی رۆحی گشتی کۆمەڵ لە رێی راستی خۆی لانەدرێت بەڵکو لەسەر ئاستی بڕیاری سیاسیش بەو ئاستە کاربکرێت بۆ ئەوەی جۆرێك لە هاوسەنگی لە نێوان خواستی جەماوەرو بریاری سیاسیدا درووست بکرێت بەجۆرێك کە هەستبکرێت بڕیاری سیاسی وەڵامدانەوەی داواکارییە جدییەکانی کۆمەڵگەیە بە تایبەتیش لە ئێستادا کە حکومەتەکەی عەبادی یان باشتر بڵێین سیستێمی فەرمانڕەوایی شیعە لە عێراقدا بە گومانەوە سەیری کورد دەکات بە تایبەتیش کە دەبینێت هێزی پێشمەرگە تاکە هێزە لە رووی

داعشدا وەستاوەو سەرکەوتنی بەددەستهێناوە، یان کە دەبێت پشتگیری نێودەوڵەتی بۆ ئەوهێزەو بۆ کوردیش زیاتر دەبێت بە تایبەتی کە ئێستاو لەم سەفەرەی سەرۆکی هەرێم و شاندی یاوەریدا زیاتر باسی سەربەخۆیی کوردستان کەوتە بەر گوێی شیعەو سونەی عەرەب و لایەنەکانی تریش کە ئەمانەش مەترسی شیعە لە دابەشبوونی عێراقە کارتۆنیەکە زیاتر دەکات و شێوازی مامەڵەکردنی حکومەتی شیعەش لەگەڵ کوردا تەنانەت دوای رێکەوتنی نەوت بەرامبەر بە بودجە زیاتر بارودۆخەکە بەرەو یەکلایی کردنەوەی کێشەکان دەبات و رەنگە بە ناچاری لە کورد بخوازێت کە بڕیاری یەکلاکەرەوە بدات . کە دیارە هەر بڕیارێکی لەوجۆرەش لە ئاستی یەکەمدا پێویستی بەسەربەخۆیی ئابووری کوردستان هەیە کە لە راستیشدا بنەمای ئەو سەربەخۆییە لە بواری نەوتدا دانراوە بەڵام دیارە بوێری زیاترو شەفافیەت و ئاگاداربوونی زیاتری دەوێت بۆ ئەوەی ئەو سامانە بەتەوای بزانرێت چۆن دەکرێتە بنەمای سەرەکی ئابووری نەتەوەیی کوردستان. هەروەك پێویستە بواری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری زیندوو بکرێتەوەو هەوڵی بەپیشەسازیکردنی وڵات بدرێت بەجۆرێك بتوانرێت شێوەیەك لەبەشی خۆکردن الاکتفاء الژاتی درووست بکرێت و لەهەمان کاتیشدا ئەوە ببێە بنەمایەك بۆ گواستنەوەی زۆرینەی کۆمەڵگەی کوردی لەبەکاربەرەوە بۆ بەرهەمهێن کە ئەوەش هەم دەبێتە بنەمایەکی بەهێزی ئابووری هەم ئینتیمای نەتەوەیی و نیشتیمانی بەهێزتر دەکات .

بەڵام ئەوەی لە سەرکردایەتی سیاسی کوردی و لە نوخبەی سیاسی و لە پێکهاتەی سەرەوەی هەندێ لە حیزبەکاندا دەبینرێت ئەوەیە کە بەراستی زۆر لە خوار ئەو ئاستەوەن کە بتوانن نوێنەرایەتی رۆحی گشتی کۆمەڵگە بکەن، ئەو رۆحەی کە دەبێتە بزوێنەری بزووتنەوەی ناسیونالیزمی کوردی بۆ ئەوەی ببێتە بزووتنەوەیەکی جەماوەریی ئەوتۆ کە هەموو سنوورە ناوچەیی و لۆکاڵی و حیزبیەکان هەڵوەشێینتەوەو هەموو ئەو نوخبەو گروپانەی کە بەربەستن لە

ڕێگای داخوازییە نەتەوەییەکانی خەڵکدا رادەماڵێت و کۆی نەتەوە لە یەکەیەکی یەکگرتوودا کۆبکاتەوەو بەوەش نەتەوە بکاتە هێزێکی یەکگرتووی پتەوی لەبن نەهاتوو کە هەموو خاسێت و بنەماکانی نەتەوە یان کۆمەڵگەیەکی زیندووی تێدابێت بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی ناسیونالیزم کە ئەویش تەنیاو بەس تەنیا سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردییە. بێگومان ئێستا بارودۆخی ناوەوەی کوردستان لەسەر ئاستی جەماوەری بەرەو دروستبوونی یەکێتیەکی جەماوەریی ئەوتۆ دەچێت کە سنوری نێوان کۆی ئەم حیزب و ڕێکخراوانەی کوردستان دەڕووخێنێت چونکە ئەوە ئاشکرایە کە قاعیدەی کۆی حیزبەکان جەماوەرە، جەماوەریش ئێستا لە رووی رۆحی گشتیەوە لە یەك ئاستی هەڵچوون و وروژاندایە ، بەڵام ئەوانەی جیاوازی هەیە لە نێوانیاندا نوخبەی سیاسی کوردییە ئەو نوخبەی کە تاکو ئێستا نەیتوانیووە هیچ کام لەو هەلانەی هاتوونەتە کایەوە لە پێناوی بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەدا بقۆزێتەوە. ئەمجارەیان پێدەچێت بەشێکی دیار لەسەرکردایەتی سیاسی کوردی لەو راستیە تێگەیشتبێت کە ئەگەر سوود لەم بارودۆخەی ئێستا وەرنەگرێت و چاوەڕوانی ئەوە بێت دنیای بڕیار بەدەست پێی بڵێ فەرموو جەنابی سەرکردایەتی سیاسی کوردی ئەوا ئێمە دەوڵەتمان بۆ دروستکردن وەرن بەڕێوەی ببەن، کە ئەمە لە فیلمیشدا روونادات . من پێموایە هەر ئەو جیاوازییەش لە تێڕوانینی سەرکردایەتی سیاسی کوردیدا بووتە جێگای مشتومڕو ناکۆکی و ئاخاوتنی راگەیاندنەکان و دەنگ و باسی ناو جەماوەرو تەنانەت جەماوەری ئاسایی سەر شەقامیش دەزانێت کە بەشێك لە نوخبەی سیاسی حیزبی کوردی لە پێناوی بەرژەوەندییە شەخسیەکانیان و لە پێناوی پارستنی بەرژەوەندییە تەسکەکانی خۆیاندا ناتوانن نوێنەرایەتی داخوازییەکانی کورد بکەن. هەموو ئەمانەش سەلمێنەری ئەوەن کە ئەو نوخبەیە سیاسیە حیزبیە زۆر لە خوار ئەوەوەیە کە بەرپرسیارێتی داخوازییەکانی ئێستا خەڵکی کوردستان بگرێتە ئەستۆو گومانیشی تێدانییە ئاراستەی

راستەقینەی رۆحی هەڵچووی جەماوەر بەرێگای راستی خۆیدا بەرەو سەربەخۆیی و درووستکردنی دەوڵەت دەڕوات و ئەوانەی لە نوخبەی سیاسی و سەرکردایەتی سیاسی کوردی نوێنەرایەتی و رابەرایەتی ئەو خواستە جەماوەرییەی خەڵکی کوردستان دەکەن لەگەڵ جەماوەردا یەکدەگرنەوە ، ئەوانی تریش دەکەونە پەراوێزەوە .

بێگومان پێشتر وتمان نوخبەی سیاسی و حیزبی کوردستان تاکو ئێستا وەکو پێویست بۆ زیاتر یەکخستنی کۆی کۆمەڵگەی کوردی کاری نەکردووەو کۆمەڵێ خاڵ هەن کە رووی لاوازی و نەرێنی نوخبەی سیاسی دەسەڵاتدار لە بارودۆخێکی ئاوەهادا نیشان دەدات. بە تایبەتی تاوەکو ئێستاش حیزبە دیارەکانی کوردستان ناتوانن وەها سەیر یەکتر بکەن کە ئەم بارودۆخەی ئێستا پێویستی بە یەکدەنگی هەموویان هەیە ، کەواتە بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە هەنگاوەکانیان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتیمانی بێت . بەڵام بە ئاشکرا دیارە تاوەکو ئێستاش بێ جیاوازی کۆی حیزبەکانی کوردستان بە عەقڵی حیزبی زۆر تەسك کاردەکەن. بۆ نموونە پارتی دەبوو لەو بارودۆخەی ئێستادا لە حکومەتی خۆجێیەتی هەولێرو دهۆك نەك هەر بەشدای لایەنەکانی تری بکردایە بەڵکو دەبوو خۆی پێداگری ئەوەی بکردایە کە هەموویان پێکەوە شارەکان بەڕێوە ببەن، ئەگەر بەڕاستی مەبەستیانە کورد یەك دەنگ بێت . کە ئەم هەڵوێستەی پارتی یەکێکە لە هۆکارەکانی درووستبوونی درزدۆنگی و پەرتبوونی زیاتر لە کوردستاندا . هەندێ لەبەرپرسانی یەکێتیش بە شەپۆلی ئەو بایە هەناسە دەدەن و دەژین کە لای شیعەی عێراق و ئێرانەوە دێت . هەندێ لە لایەنەکانی تریش تا ئێستا لە روانگەی رق و کینەی مێژووییەوە کاردەکەن و بەشێك لە راگەیاندنەکانیش زیاتر خەریکی فراوانکردنی درزەکانن ، بە تایبەتی زۆرینەی ئەو راگەیاندنکارانەی پیاوی ئەم بەرپرس یان ئەو بەرپرسن یان بە پلەی ئەفسەرو دەرەجەدار خانەنشینکراون .

من پێموایە پێش هەموو کەسێك ئەرکی بەڕێز سەرۆکی هەرێمە کە لە هەمان کاتدا سەرۆکی پارتیشە بۆ ئەوەی زیاتر زەمینە بۆ یەکدەنگی کورد لەم بەشەی کوردستاندا خۆش بکات، پێویستە لە سنووری دەسەڵاتی پارتیدا لە هەموو پنتەکانی دەسەڵات و بەڕێوەبردندا بە پراکتیك بەشداربوونی هەمووان دەستبەربکات هەتا حیزب و لایەنەکانی تری کوردستان و جەماوەریش هەست بکەن بەڕێزی سەرۆکی هەموو هەرێمەو هەر ئەوەش وادەکات کە جەماوەری خەڵکی کورستان متمانەی ئەوەی پێبکەن کە رابەرایەتی باشووری کوردستان بکات بەرەو سەربەخۆیی و درووستکردنی دەوڵەت . بە واتایەکی تر هەرچۆن جەماوەری خەڵکی کوردستان چاوەڕوانی ئە وە دەکات کە بەرَێز سەرۆکی هەرێم بڕیاری چارەنووسسازانە بۆ ئایندەی گەل بدات بەرەو ئاسۆیەکی گەشتر، بەهەمان شێوە چاوەڕوانی ئەوەشی لێدەکەن لە سایەی ئەو هەرێمەدا کە ئەو سەرۆکیەتی کەس پەراوێز نەخرێت و هیچ حیزب و دەستەو رێکخراو و گروپێك پاسیف نە کرێن چونکە لەم بارودۆخەی ئێستادا تەنیا یەکێتی و یەکبوونی هەموو کورد زەمانەتی سەرکەوتن دەکات .

www.wtarikurd.info/